# دەردی دڵێک لەگەڵ عەبدوڵڵای حەسەن زادە ... یادگـار

دنیایەکی سەیر و سەمەرەیە، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، بۆتە ئامرازی یاری منداڵانەی دەستی ماﻣۆستا مەلا حەووڵڵا! ئەم زاتە، بە درێژایی تەمەنی ژیانی خۆی، لەگەڵ گیروگرفتە سایکۆلۆژییەکانی خۆیدا، لە کێشە و بگرەدایە. ماﻣۆستا ناحەقی نیە کە ئاوابێت، چوونکە شێوەی پەروەردە، بارهێنانان و ڕاهێنانی، مەحروومییەت، ئەو مەڵبەندەی کە لێ گەورە بووە، کولتووری بنەماڵەیی، هەموو ئەم فاکتەرانە و دەیان فاکتەری دیکە، شێوەنەواریان لەسەر هەڵدان و گەورەبوونی و شێوەی هەڵس و کەوتی داناوە، بۆیە لە ئاکامدا، وەک ماﻣۆستایەکی بوغزن، حەسوود، قین لە دڵ، بەرچاوتەنگ، تۆڵە ئەستێن، پێداگرتن لەسەر میتۆدی بیری کۆن و نامۆ بە سەردەم، موغریز، لەچەر، بارهاتووە، ڕاهاتووە و گەورە بووە. ئەو کردەوە و دژ کردەوانەی کە ئێستا لە خۆی نیشانیانی دەدا، ئەو هۆکارانەن کە باسم لێوەکردن. کەوایە، کەسێک کە خاوەنی ئەم سیفەتانەبێت، زۆر ئاساییە کە کردە و کردەوەکانیشی، لەم بازنەیەدا، بخولێنەوە!

ماﻣۆستا، ماوەیەک لەمەوپێش لە دیمانەیەکی لەپێش دا گەلاڵە بۆ دارێژراو و نا ئاسییدا لەگەڵ کەسێک بە ناوی خالید محەممەدزادە مەعلووول حال و کۆنە بەسیجی (میرەدێ و سوختەی ماﻣۆستا) کە لە ماڵپەڕی (بۆ ڕۆژهەڵات و ڕاستتیەکاندا ـ ئەم دوو ماڵپەڕە بۆ دژایەتی لەگەڵ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دروست بوون)، ئاماژە بەوە دەکات، کە: " ئەگەر من نەبوومایە، خەتە فیکرییەکانی دوکتۆر قاسملوو لە مێژ بوو سڕابوونەوە"

واتا ماﻣۆستا خۆی بە پارێزەری خەتە فیکرییەکانی شەهیدی مەزن دوکتۆر قاسملوو دەزانێت.

بەڕاستی موبالغە و بە شان و باهووی خۆدا هەڵدانیش، سنوورێکی هەیە.

وادیارە، ماﻣۆستا، یان زاکیرە و زەینی، زەعیف بوون، یان ئەوەتا کە قسەکەری ئەمرۆ، ساحێبی قسە و کردەوەکانی دوێنیی خۆی نییە!! ماﻣۆستا! لە بیرت چۆتەوە، بۆ ڕاگرتنی دڵی کۆنە هاوڕێیانی سەنگەر قەڵشێن، واتا لادەرەکان، پلینۆم و کۆبوونەوەی یەک بە دوای یەکت لەسەر لابردنی وێنەی ڕێبەرانی نەمر: (دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی) پێک دەهێنا؟ لە بیرت چۆتەوە، لە پلینۆمەکانی پێش کۆنگرەی 13، ئەو کات کە جەنابت باڵی زۆرایەتی حیزب بوویت، بڕیاری لابردنی وێنەی ئەو شەهیدە سەربەرزانەت دەدا و بۆ جێگیربوونی بڕیارەکەت، دەت فەرموو: (خۆ من بەم وێنانە. جامخانە ساز ناکەم) !! دوکتۆر قسملوو و دوکتۆر سەعدیت بە وێنەی جامخانەی کووچە و شەقامی شارەکان دەشوبهاند؟ لە بیرتە، لە و پلینۆم و کۆبوونەوانە، کە سەر نەدەکەوتیت و لە لایەن بەشدارانی پلینۆمەوە، بە " نا" وەڵامت دەدرایەوە، دواتر لە کۆبوونەوەکانی سەرەوەتر، واتا لە کۆبوونەوەکانی دەفتەری سیاسیدا، ئەو دەم لەوێش زۆرایەتی موتلەق بوویت، لەو یوە کەڵکت وەدەگرت بۆ چەسپاندنی ئەو بڕیارە نا موقەددەسەت؟ ماﻣۆستا گیان لە بیرتە، هەر پاش ئاشکرا بوونی ئەم نیاز و مەبەستەت، چۆن بەدەنەی حیزب لە نێوخۆی حیزبەوە، لە کوردستان و ئورووپا و شێوەنەکانی دیکەی ئەم دنیا خرۆشان و لێت بە دەنگ هاتن؟

ماﻣۆستای بەڕێز! لە بیرتە کۆنە هاوڕێیانی سەنگەر قەڵشێن و یەک لەوان (کاک حوسێنی مەدەنی) لە بنکەی پێشمەرگەکاندا دەیگوت: " ئەرێ بابە! ڕێژیمی بەعس رووخا و دیکتاتۆرێکی وەک سەددام لە نێو چوو، پێم ناڵێن ئێوە تاکەنگێ وێنەی ئەم دوو دیکتاتۆرە، واتا قسملوو و شەرەفکەندی، لە بنکە و مەقەرەکانتان لا نابەن"؟!

ماﻣۆستا گیان، جەنابت، پێش کۆنگرەی 13، مەگەر لە هەوڵی ئەوەدا نەبوویت، کە سیستەمی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بکەیت بە سیستەمی ڕێبەریی و خۆت وەک ڕێبەر دیاری بکەیت؟ تەواوی

هەوڵ و فیکر و زیکرت بە بنەماڵەیی کردنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران نەبوو؟ مامۆستا! خۆت چاک دەزانیت کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران 27ساڵە، دژی سیستەمی وەلایەتی فەقی بابەت و وتار دەنووسێ و خەباتی لە دژ دەکات، بەڵام نیازی تۆ ئەوە بوو کە بۆ مادامولعومر، وەک ڕێبەر بمێنێیتەوە! واتا شێواندن و تێکدانی سیستەمی دێمۆکراتیکی حیزب و زیندە بەچاڵ کردنی دێمۆکراسی و فەوتاندن و کوشتنی کاری بە کۆمەڵ لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران!!

مامۆستا گیان! ئەگەر ئەم ئاکار و کردەوانەی جەنابت، لە ڕاستای کوێر کردنەوەی ڕێبازی قاسملوودا نەبوو، ئە چی بوو؟ ئاوا دەتەوێت " خەتە فیکرییەکانی دوکتۆر قاسملووی شەهید، بپارێزیت؟ ئەگەر مەبەستت کوێر کردنەوەی ڕێبازی قاسملوو نەبوو، ئەی بۆ هێنانە خواری وێنەی ئەو شەهیدە مەزنەت، دەکرد بە سەر تیتری باس و خواسی پلینۆم و کۆبوونەوەکانی، سەردەمی دەستەڵاتدارێتیت؟ ئەگەر مەبەستت تەفروتونا کردنی خەتە فیکرییەکانی دوکتۆر قاسملوو نەبوو، باس کردنی وێنەی شەهیدان، چ مەوزووعییەت و زەرووورەتێکی هەبوو؟ تۆ کاتی خۆی، قەیران و ئاڵۆزییە نێوخۆییەکانی نێو حیزبت لە کۆبوونەوەکاندا پاساو دەدا و دەتان فەرموو: " ئێمە هیچ گیروگرفتێکمان نییە، هەرچیش لەملاو لەلا باسی دەکەن، فریان بەسەر ڕاستتەوە نییە"! مامۆستا، بەڕاستی وابوو؟

مامۆستا ئەوەشت لە بیر نەچێت کە تۆ ناتوانێت بەو کردەوانەت، یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، هێزی شۆڕشگێڕی پشتیوانی خەباتی سەردەمی شاخ لە حیتزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بکەیت بە دوژمن. چوونکە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی، دۆست و هەڤاڵای یارانی دێرینی تێکۆشەری خەباتی کوتدایەتین کە ئێستا ڕێبەرایەتی حیزبی تێکۆشەری کوردستانی ئێران دەکەن.

جەنابت و دەست وپێوەندییەکانت، ماوەی زاتر لە سێ ساڵە وەک فەرمانبەر، مووچەبگیری خانەی دەستەی وەرگێڕانی سلێمانین!!

مامۆستا، ئەگەر نامەی بە ناو " ئۆپۆزیسێۆن" لە سەردەمی جەنابت دا، نووسرا با و ئاراستەت کرابا، تۆ چ هەڵوێستێکت دەبوو؟ مامۆستا، جەنابت شایانی ئەم کردەوانە نەبوویت، بەڵام بەدا خەوە، سەلماندت کە جەنابت، شتێکی ئەوتۆ لە ڕێبەری گەورە دوکتۆر قاسملوو، فێر نەبوویت. تکایە ئیدی بە کەڵک وەرگرتن لە هاوڕێیەتی 30 ساڵەی خۆت لەگەڵ ئەو شەهیدە مەزنە، کیسە بۆ کەس هەڵمەدروو و ناز و فەخریشمان پێ مەفرۆشە. چوونکە مێژوو ڕەحم بە کەس ناکات.